بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، وەزارەتی داد دەری دەکات

**ژمارە (٧٩) چاپی یەکەم سالّی حەوتەم ٧/٢/٢٠٠٨ ز (١٨)ی ڕێبەندان ٢٧٠٧ کوردی (٣٠)ی محرم ١٤٢٩ کۆچی**

**لەم ژمارەیەدا :**

**79**

✵ **یاسای ژمارە (٣٦) سالّی ٢٠٠٧** ل١
یاسای کارپێکردنی یاسای فیدرالّی هاتووچۆی ژمار(٨٤) سالّی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

✵ **یاسای ژمارە (٣٧) سالّی ٢٠٠٧** ل٣
یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی کۆمەلّکوژی (( جینۆساید )) لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

✵ **بەیان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان** ل٧
ڕاست کردنەوەی هەلّەی چاپ لە هەندێ ماددەو برگەی یاسای ژمارە (١٢)سالّی ٢٠٠٦، یاسای وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق

نرخی (٧٥٠) دینارە

ناونیشان: هەولێر بالّەخانەی وەزارەتی داد.
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ -٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢-

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كـــوردستان


الجريـدة الرسـمية لحكـومة إقـــليم كـــــوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العدد (٧٩) طبعة الاولى السنةالسابعة ٧/ ٢/٢٠٠٨ م (١٨) رێبەندان ٢٧٠٧ كـوردية (٣٠) محرم ١٤٢٩ هـ


## فـي هـذا العــدد :


- **قانون رقم ( ٣٦ ) لسنة ٢٠٠٧** ص٩
  قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم ( ٨٦ ) لسنة ٢٠٠٤في إقليم كوردستان – العراق.
- **قانون رقم ( ٣٧ ) لسنة ٢٠٠٧** ص١١
  قانون صندوق دعم و مساعدة ذوي الشهداء و ضحايا الابادة الجماعية ( الجينوسايد )في إقليم كوردستان – العراق.
- **بيان- المجلس الوطني لكوردستان - العراق** ص١٥
  تصحيح أخطاء مطبعية في بعض مــواد و فــقــرات قــانون رقم(١٢ )لسنة ٢٠٠٦ ،قانون وزارة النقل في إقليم كوردستان – العراق.


سعر ( ٧٥٠ ) ديـــنار


http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

العنوان : اربيل بنايه وزاره العدل
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای كارپێكردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە( ٨٦ )ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٤) لە٢٠٠٧/١٢/١٢ بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە( ٣٦ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای كارپێكردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤
## لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەكەم:**

یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی كوردستان . عیراق دەخرێتەكارو كار بە حوكمەكانی دەكرێ.

**ماددەی دووەم:**

دەستەڵاتە تایبەتمەندەكان لە هەرێمی كوردستان . عیراقدا شوێنی دەستەڵاتە فیدراڵیەكان لە هەر جێیەك لە یاسای ناوبراودا هاتبێ دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یاسای رێكخستنی غەرامەكانی هاتوچۆی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ و یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ كە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان . عێراقەوە دەرچوون، هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاساییەدا ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەربوونی سیی ڕۆژ بە سەر بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٢٧/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی
١٧/کانوونی دووەم / ٢٠٠٨ زایینی
٩ /موحەڕەم/ ١٤٢٩ کۆچی

## - هۆیە پێویستیەکان -

بەمەبەستی یەکخستنی ڕێکارە یاساییەکان لە بارەی یاساو ڕێسای هاتووچۆ و غەرامەکان لە کوردستان و وای لێ بکرێ گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی لە حکومەتی فیدراڵ کاری پێ دەکرێ و بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧١و هەموارکراوەکانی و لە پێناوی پێدانی شەرعییەت بەجێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە جیاتی هەموو یاسا جێبەجێ کراوەکان لە هەرێمدا لە بارەیەوە،ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ۳ ) ساڵی ۲۰۰۸**

**یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی(( جینۆساید )) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (۱) ی ماددەی (۱۰) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (۱)ی ساڵی ۲۰۰۵ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (۳۷) ۲۷ /۲۰۰۷/۱۲ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە( ۳۷ )ی ساڵی ۲۰۰۷
## یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)) لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

### بەشی یەکەم
### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: وەزارەت: وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: وەزیر : وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

پێنجەم: سندوق : سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)).

## بەشی دووەم

## ئامانج و پرنسیپەکان

**ماددەی دووەم:**

به پێی ئەم یاسایه سندوقێك دادەمەزرێ بەناوی سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)) و کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت و ئامانجی جێبەجێ کردنی ئەمانەی خوارەوەیە:.

یەکــەم:لێکۆڵینــەوە و دۆکۆمێنــت کردنــی لایەنــەکانی ئــابووری و پــەروەردەیی و رۆشــنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی خانەوادەی شەهیدان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)) بۆ دابین کردنی پێداویستییه داراییەکان بۆ چاککردنی باری ژیان و ژیارییان.

دووەم:پێشنیار کردن و دانانی پلانی پرۆژه و بەرنامەکان بۆ خستنەکاری بێکاران لە کەس و کاری شەهیدان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)) بە هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وئەو کۆمپانیا و رێکخراوانەی لە هەرێمدا کار دەکەن.

ســێیەم:کردنــەوەی خــولی شــیاندن و ڕاهێنــان بــۆ کــەس و کــاری شــەهیدان و قوربانییــانی کۆمـەڵکوژی((جینۆسـاید)) بـۆ ئەوانـەی کـە خـاوەن بڕوانامـە نـیین، بـۆ ئـەوەی فێـری کـار و پیشەیان بکەن و بەهرە و توانا و شارەزاییان بەهێز بکرێت تاکو سوود لە تواناکانیان لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی ئابووری هەرێمدا وەربگیرێ.

چوارەم:پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسانکاریی پێویست بۆ چارەسەرکردنی توشبوانی سەقەتی و نەخۆشی درێژخایەن چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە دەرەوەیدا.

پێنجــەم:بەشــداریکردن لەگــەڵ لایەنــە پەیوەندیــدارەکان لــە کردنــەوەی خانــەی بەساڵاچــووان و پەککەوتــەکان و دابینکردنــی هــەموو پێداویــستەکانیان بــۆ مــسۆگەر کردنــی ژیــانێکی شکۆمەندانە بۆیان.

شەشــەم:پێــدانی ســولفەی هاوســەرگیری بــەبێ قــازانج بەکــەس و کــاری شــەهیدان و قوربانییــانی کۆمەڵکـوژی((جینۆســاید)) بە قیستی مانگانــە بەمەرجێك لە ( ٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیـۆن دینار رەت نەکات.

حەوتەم:بەشداریی کردن لە کردنەوەی سەنتەری زانستی و رۆشنبیری بۆ پەرەپێدانی توانای لاوان و قوتابیانی کەس و کاری شەهیدان و قوربانییانی کۆمەڵکوژی((جینۆساید)) و دابین کردنی هەموو پێداویستە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە.

هەشتەم:بەهێزکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا و رێکخراو و ئەنجومەنە خێرخوازەکان بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی و تواناکانیان لەم مەیدانەدا.

نۆیەم: کۆکردنەوەی پیتاك و کۆمەك و یارمەتی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکانی سندوق

**ماددەی سێیەم:**

دەستەیەك بە سەرۆکایەتی وەزیر سندوق بەڕێوەدەبەن و لە (٧)حەوت ئەندام پێکدێت، چواریان لە کارمەندانی وەزارەتن وەزیر هەڵیان دەبژێرێ و (٣)سێ ئەندامیش لەناو بەشداران و بەخششکاران بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشداربووان هەڵیان دەبژێرن و یەك جار نوێ دەکرێتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: دەستە دەستەڵاتی باڵای سندوقە و لە پێناوی ئەوەدا ئەم تایبەتمەندییەی خوارەوەی هەیە.

١. دانانی سیاسەتی گشتی سندوق و نەخشەکێشانی پلان و بەرنامە بۆ جێبەجێ کردنی.
٢. دانانی بنەمای دارایی وئوسوڵی ژمێریاری.
٣. مۆرکردنی گرێبەست و رێککەوتنامەکانی کە پەیوەندییان بەکاری سندوقەوە هەیە.

دووەم: لەکاتی پێویستدا دەستە بۆی هەیە بەپێی پێداویستیەکانی کاری سندوق هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بە سەرۆك بدات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەستە بە بانگهێشتی سەرۆك مانگانە بەلایەنی کەم جارێك کۆدەبێتەوە و نیساب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ وەردەگیرێن.

**ماددەی شەشەم:**

لیژنەیەکی چاودێری لە بەشداربووان و بەخششکاران و وەزارەت پێکدێ و ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: چاودێری کردنی پرۆژە جێبەجێ کراوەکان و لایەنی خەرج کردنیان.

دووەم: پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری نیو ساڵانە بۆ وەزیر لە بارەی کارەکانی سندوقەوە.

## بەشی چوارەم
## دارایی سندوق

**ماددەی حەوتەم:**

دارایی سندوق لەمانە پێکدێ:

یەکەم:بەخشش و دیارییەکانی کە لەلایەن حکومەتی فیدرالییەوە پێشکەش دەکرێن.

دووەم: بەخشش و دیارییەکانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێن.
سێیەم:ئەو پێ بەخشین و یارمەتییانەی کە پێشکەش دەکرێن و ئەو پارانەی کە بەشداربووان و بەخششکاران بەشداریی تێدا دەکەن.
چوارەم:ئەو پێ بەخشین و یارمەتییانەی کە دەزگا و ڕێکخراو و کۆمپانیا و کەسەکان و لایەنە خێرخوازەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم دەیدەن.
پێنجەم: ماڵی زەکات و وەقف و وەسییەت.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی هەشتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان ) د ا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٢٧/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی.
١٧/کانوونی دووەم / ٢٠٠٨ زایینی.
٩ /موحەڕەم/ ١٤٢٩ کۆچی.

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید قوربانی گەورەیان بە گیان وخوێنیان لە ڕێگای ڕزگاری کوردستان . عێراق داوە و ئەو دەزگا یاساییانەی ئەمڕۆمان بەری ئەو ڕەنج و قوربانییانەن و لە پێناوی وەفاداری بۆ کەس و کاریان کە ئەو شەهیدانەیان داوە و لە پێناوی بەشداریکردنی خاوەن داهاتە بەرزەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە هەرێمدا کار دەکەن بۆ سووککردنی مەینەتی لەسەر خانەوادەکەیان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان-عیراق**

**به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی کاروباری ئه نجومه‌ن**

**ژماره: ٢/٣/٤**

**رێکه‌وتی: ٢٠٠٨/١/٢٨**

## به‌یاننامه

پشت به حوکمی مادده‌ی هه‌شته‌م له یاسای ژماره(٤)ی ساڵی/١٩٩٩((یاسای بلاوکردنه‌وه له رۆژنامه‌ی ره‌سمی — وه‌قایعی کوردستان))و، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش که چه‌ند هه‌ڵه‌یه‌کی چاپ له هه‌ندێ مادده‌و برگه‌ی یاسای ژماره/١٢ی ساڵی ٢٠٠٦((یاسای وه‌زاره‌تی گواستنه‌وه)) روویداوه که له ژماره/٦٤ی رۆژنامه‌ی((وه‌قایعی کوردستان))له رۆژی ٢٠٠٧/٣/١ و ژماره/٨٤ی((رۆژنامه‌ی په‌رله‌مان))له ٢٠٠٧/٣/١٨ دا بلاوکراوه‌ته‌وه. بۆیه به پێویست زانرا ئه‌و هه‌ڵانه ده‌ستنیشان بکرێن وبه‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه راست بکرێنه‌وه:

ئه‌و هه‌ڵانه‌ی له ده‌قه عه‌ره‌بییه‌که‌دا روویانداوه

**المادة الثالثة:**

**أولاً**: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون.

***الصحيح:***

**المادة الثالثة:**

**أولاً**:الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

ئه‌و هه‌ڵانه‌ی له ده‌قه کوردییه‌که‌دا روویانداوه

**مادده‌ی یه‌که‌م:**

مه‌به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه ئه‌و واتایانه‌ی به‌رامبه‌ریانه

راسته‌که‌ی:

مه‌به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه، ئه‌و واتایانه‌ی به‌رامبه‌ریانه بۆ مه‌به‌ستی ئه‌م یاسایه.

**مادده‌ی دووه‌م:**

شانزده‌م: سه‌رپه‌رشتی نووسینگه‌کانی گواستنه‌وه له هه‌موو خاڵه‌کانی په‌رینه‌وه‌ی سنووره‌کانی هه‌رێمدا وه‌رگرتنی کرێ و مزه(الرسوم) به‌کارهێنانی مه‌نه‌فێست به‌پێی یاساکان و به‌هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ وه‌زاره‌ته په‌یوه‌ندیداره‌کان.

راستەکەی:

شانزدەم: سەرپەرشتی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەڕینەوەی سنوورەکانی هەرێمدا و وەرگرتنی مزو کریێ(الرسوم)و بەکارهێنانی مەنەفێست بە پێی یاساکان.

**ماددەی پێنجەم:**

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێ.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمابنەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەباو.... هەتد

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی(الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا.... هەتد

٧- بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

٨- بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

**دەقەڕاستەکان**

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا..... هەتد

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا..... هەتد

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی (الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا...... هەتد

٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر

٨- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

**فرست احمد عبدالله**

**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الإقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم (٢) لسنة ٢٠٠٨**
**قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم (٨٦) لسنة ٢٠٠٤ في اقليم كوردستان ـ العراق**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق فى جلسته المرقمة (٣٤) في ١٢ /٢٠٠٧/١٢ قررنا إصدار

# قانون رقم (٣٦) لسنة ٢٠٠٧
# قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم (٨٦) لسنة ٢٠٠٤
# في اقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الأولى:**

إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم (٨٦) لسنة ٢٠٠٤ في اقليم كوردستان ـ العراق والعمل بأحكامه.

**المادة الثانية:**

تحل السلطات المختصة في اقليم كوردستان ـ العراق محل السلطات الاتحادية أينما وردت في القانون المذكور.

**المادة الثالثة:**

يلغى قانون تنظيم الغرامات المرورية رقم (٤) لسنة ٢٠٠٠ والقانون المرقم (٢٧) لسنة ٢٠٠٤ الصادرين عن المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

**المادة الرابعة:**

لوزير الداخلية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

ينفذ هذا القانون بعد مرور ثلاثون يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان-العراق**

**هەولێر**

٢٧/به فرانبار/ ٢٧٠٧ كوردية.

١٧/كانون الثاني / ٢٠٠٨ ميلادية.

٩ /محرم/ ١٤٢٩ هجرية.

**الاسباب الموجبة**

لغرض توحيد الاجراءات القانونية بشأن قوانين وقواعد المرور والغرامات في كوردستان وجعله منسجماً مع ما هو منفذ لدى الحكومة الاتحادية ولإلغاء قانون المرور المرقم (٤٨) لسنة ١٩٧١ وتعديلاته وبغية اعطاء الشرعية بتنفيذ القانون المرقم (٨٦) لسنة ٢٠٠٤ بدلاً عن جميع القوانين النافذة في الاقليم بهذا الصدد فقد شرع هذا القانون.

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم (٣) لسنة ٢٠٠٨**
**قانون صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا**
**الابادة الجماعية (الجينوسايد) في اقليم كوردستان ـ العراق**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق فى جلسته المرقمة (٣٧) في ٢٠٠٧/١٢/٢٧ قررنا إصدار:

# قانون رقم (٣٧) لسنة ٢٠٠٧ قانون صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) في اقليم كوردستان ـ العراق

## الفصل الأول
## التعاريف

**المادة الأولى:**

يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

أولاً: الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

ثانياً: الحكومة : حكومة اقليم كوردستان.

ثالثاً: الوزارة : وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان.

رابعاً : الوزير : وزير شؤون الشهداء والمؤنفلين.

خامساً : الصندوق : صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد).

## الفصل الثاني
## الاهداف والمبادئ

**المادة الثانية:**

يؤسس بموجب هذا القانون صندوق باسم صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) ويكون له الشخصية المعنوية ويهدف الى تحقيق مايلي:

أولاً:دراسة وتوثيق الجوانب الاقتصادية والتربوية والثقافية والصحية والاجتماعية لذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية لتأمين الاحتياجات المالية لتحسين ظروفهم الحياتية والمعاشية.

ثانياً: اقتراح ووضع خطط المشاريع والبرامج لاستيعاب العاطلين عن العمل من ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية بالتعاون والتنسيق مع الوزارات المعنية والشركات والمنظمات العاملة في الاقليم.

ثالثاً:فتح الدورات التأهيلية والتدريبية لذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية من غير الحائزين على الشهادات الدراسية لتعليم حرف ومهن وصقل مواهبهم ومهاراتهم وخبراتهم للاستفادة من طاقاتهم في تنمية وتطوير اقتصاد الاقليم.

رابعاً:تقديم الخدمات الصحية والاجتماعية والتسهيلات اللازمة لمعالجة ذوي العاهات والامراض المزمنة داخل الاقليم وخارجه.

خامساً:المساهمة مع الجهات المعنية في فتح دار المسنين والعجزة وتهيئة كافة المستلزمات المطلوبة لتأمين عيش كريم لهم.

سادساً:صرف سلف الزواج للمتزوجين من ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية دون فائدة وبأقساط شهرية على ان لا تتجاوز السلفة عن (٢٠٠٠٠٠٠) مليوني دينار.

سابعاً :المساهمة في فتح مراكز علمية وثقافية لتطوير قابليات شباب وطلبة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية وتأمين كافة المستلزمات المطلوبة لذلك.

ثامناً:تقوية العلاقات مع المؤسسات الحكومية والشركات والمنظمات والمجالس الخيرية للاستفادة من خبراتها وقابلياتها في هذا المجال.

تاسعاً: جمع التبرعات والاعانات والمساعدات داخل الاقليم وخارجه.

## الفصل الثالث
## تشكيلات الصندوق

### المادة الثالثة:

تدير الصندوق هيئة برئاسة الوزير تتكون من (٧) سبعة اعضاء اربعة منهم من منتسبي الوزارة يختارهم الوزير و(٣) ثلاثة اعضاء من بين المساهمين والمتبرعين يختارهم المساهمون والمتبرعون لمدة ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة

### المادة الرابعة:

أولاً: الهيئة هي السلطة العليا للصندوق ولها في سبيل ذلك الاختصاصات التالية:

١. وضع السياسة العامة للصندوق ورسم الخطط والمناهج لتنفيذها.
٢. وضع الاسس المالية والاصول الحسابيين.

٣. ابرام العقود والاتفاقات ذات العلاقة بمهام الصندوق.

ثانياً: للهيئة عند الضرورة وفقاً لمقتضيات عمل الصندوق تخويل رئيسها بعض من صلاحياتها.

**المادة الخامسة:**

تعقد الهيئة بدعوة من الرئيس اجتماعاً واحداً في الشهر على الاقل ويكتمل النصاب بحضور اغلبية اعضائها وتتخذ قراراتها بالاغلبية.

**المادة السادسة:**

تشكل لجنة رقابية من المساهمين والمتبرعين والوزارة تتولى:

أولاً: الرقابة على المشاريع المنفذة وأوجه الصرف.

ثانياً: تقديم تقارير دورية نصف سنوية للوزير عن اعمال الصندوق.

## الفصل الرابع
## مالية الصندوق

**المادة السابعة:**

تتكون مالية الصندوق من:

أولاً: المنح والمساعدات المقدمة من قبل الحكومة الاتحادية.

ثانياً: المنح والمساعدات المقدمة من حكومة اقليم كوردستان.

ثالثاً: التبرعات والمساعدات التي تقدم والمبالغ التي يشترك بها المساهمون والمتبرعون.

رابعاً: التبرعات التي تتبرع بها المؤسسات والمنظمات والشركات والافراد والجهات الخيرية ومنظمات حقوق الانسان داخل الاقليم وخارجه.

خامساً: اموال الزكاة والوقف والوصية.

## الفصل الخامس
## أحكام عامة

**المادة الثامنة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

ينفذ القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان-العراق**

**هەولێر**

٢٧/به فرانبار/ ٢٧٠٧ كوردية.

١٧/كانون الثاني / ٢٠٠٨ ميلادية.

٩ /محرم/ ١٤٢٩ هجرية.

**الاسباب الموجبة**

ان الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) قدموا تضحيات جسيمة بارواحهم ودمائهم على طريق تحرير كوردستان . العراق وان المؤسسات القانونية القائمة اليوم هي ثمار هذه التضحيات ولأجل الوفاء لذويهم بجزء لما قدموه هؤلاء الشهداء ولغرض مساهمة اصحاب الدخول العالية والمنظمات العاملة في الاقليم في التخفيف عن كاهل ذويهم فقد شرع هذا القانون.

**المجلس الوطني لكوردستان-العراق**
**مديرية شؤون المجلس**

**العدد : ٩٨/٣/٤**
**التأريخ :٢٠٠٨/١/٢٨**

## بيان

استناداً الى حكم المادة الثامنة من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ ((قانون النشر في الجريدة الرسمية - وقائع كوردستان)) وبالنظر لوقوع أخطاء مطبعية في بعض مواد وفقرات قانون رقم ((١٢)) لسنة ٢٠٠٦ ((قانون وزارة النقل)) والمنشورة في العدد ٦٤ من جريدة (وقائع كوردستان) بتاريخ ٢٠٠٧/٣/١ والعدد ٨٤ من جريدة (پەرلەمان) الصادرة في ٢٠٠٧/٣/١٨. لذا صار لزاماً تحديد تلك الأخطاء وتصويبها كما يلي:

**ئەو هەڵانەی لە دەقە عەرەبیەکەدا روویانداوە**

**المادة الثالثة:**

**أولاً**: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون.

***الصحيح:***

**المادة الثالثة:**

**أولاً**:الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

**ئەو هەڵانەی لە دەقە کوردییەکەدا روویانداوە**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە**

**راستەکەی:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.**

**ماددەی دووەم:**

شانزدەم: سەرپەرشتی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەرینەوەی سنوورەکانی هەرێمدا وەرگرتنی کرێ و مزە(الرسوم) بەکارهێنانی مەنەفێست بەپێی یاساکان و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

راستەکەی:

شانزدەم: سەرپەرشتی نووسینگەکانی گواستنەوە لە هەموو خاڵەکانی پەڕینەوەی سنوورەکانی هەرێمدا و وەرگرتنی مزو کرێ(الرسوم)و بەکارهێنانی مەنەفێست بە پێی یاساکان.

**ماددەی پێنجەم:**

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیش بێ.

٤. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێڵەکانی ئاسن: فەرمابنەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەباو.... هەتد

٥. بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی(الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبا.... هەتد

٧. بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر:

٨. بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

**دەقەڕاستەکان**

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری و دارایی: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەریوەی دەبا..... هەتد

٤. بەریوەبەرایەتی گشتی کاروباری گواستنەوەی وشکانی و هێلەکانی ئاسن: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەرێوەی دەبا..... هەتد

٥. بەرێوەبەرایەتی گشتی پێشبینی (الانواء) کەشوهەواو بوومەلەرزە: فەرمانبەرێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەرێوەی دەبا...... هەتد

٧. بەرێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر

٨. بەرێوەبەرایەتی گشتی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

**فرست احمد عبدالله**

**سكرتير المجلس الوطني لكوردستان-العراق**